کریکارانی جیهان، یەکگرن!

# بۆ دەستوری ئیسلامی وکۆتکردنی ئازادی وپاشکۆکردنی کوردستان!

ژمارە(1) شەممە - 18/11/2006

بلاوکراوەیەکی هەفتانەی تایبەتە بەدەستوور، ریکخراوی کوردستان- حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق—دەریدەکات

سەرنوسەر:
ئاسۆ کەمال
هاوکاری سەرنوسەر:
خەسرەو سایە

سەرووتار

## نـــا بۆ دەستوری ئیسلامـــی و کۆتـکردنـــی ئـــازادی و پاشکۆکردنی کوردستـــان.



**ئاسۆ کەمال**

بریارە مانگی دیسەمبەری 2006 دەستوری هەریمی کوردستان بخرێتە راپرسیەکی گشتی‌یەوە لە کوردستاندا.حکومەتی یەکگرتووی یەکیتی و پارتی ڕەشنوسێکی دەستوری بڵاوکردۆتەوە و ئیدعایان کردوە کە پێش راپرسیەکە خەلك دەتوانیت پیشنیار و رای بۆ ئالوگۆر لەسەربدات. مانگ و نیوێك لەو ماوەی پێش دەستورە تێپەڕ بوە و هیچ فرسەت و ئیمکاناتێك نەخراوەتە بەردەست خەڵك و حزب و ریکخراوە سیاسی وجەماوەریەکان تاکو بەکردەوە بتوانن بەشداری لەو پرۆسەیەدا بکەن و هیچ میکانیزم و شیوازێکی سەربەخۆ و بێلایەنیش نی‌یە بۆ سەرپەرشتی ئەو ئاڵوگۆڕانەی هەر کەس ولایەنێك دەیەوێت لەم دەستورەدا بکرێت.هەربۆیە لە واقیعدا ئەم پرۆسەی پێش دەستور و ئەو ڕاپرسیەگشتیەش کە دەکرێ جگە لەپرسەگورگانەیەکی یەکێتی وپارتی نەبێت بەخەڵك شتێکی تر نی‌یە. مەبەست لەم کارەش ئەوەیە کە ناوەرۆکی ئەم دەستورە بەو شێوە کۆنەپەرستانە و کۆت وبەند دانانەی بۆ ئازادی و مافەکانی خەلکی کوردستان دانراوە وەکو خۆی بهیڵنەوە و بەناوی دەنگدانی خەلکی کوردستانەوە ڕەسمیەت و شەرعیەتی پێ بدەن.

هەربۆیە ئێمە وەك دەنگێکی "نا" بەو دەستورە و بەو پرۆسەی فریودانی خەلکە دەمانەوێت ئەم بڵاوکراوەیە بکەینە تریبون و مینبەری هەموو ئەو کەسانەی ناڕازین بەم دەستورە. دەنگی‌هەموو کەسێکی ئازادیخواز کە ناڕازی‌یە بەوەی ئەم دەستوریەی بەسەردا بسەپێنرێ کە ئازادی رادەربرین و ئازادی حزبایەتی و رۆژنامەگەری لێ‌زەوت دەکات. هەموو ژنان و کەس و ڕەوتیکی عەلمانی کە دژ

⇐

## راگەیاندنی ریکخراوی کوردستان سەبارەت بە:

# دەستوری پیشنیارکراوی "هەریمی کوردستان"

چەند رۆژ لەمەوبەر" پەرلەمانی کوردستان" رەشنوسی دەستوری "هەریمی کوردستان" ی خستە بەردەم رای گشتی ولایەنەکان بۆ گفتوگۆ و رادەربرینی پیش وەخت لەسەر برگە ومادەکانی تا دوای تیپەراندنی ئەم پرۆسەیە لە رفراندۆمیکدا بخریتە بەردەم خەلکی کوردستان بۆ دەنگدان لەسەری. ریکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەروانگەی ماف و ئازادیەکانی خەلکی کوردستان و سیستمیکی سیاسی کە یتوانێ ئایندەیەکی شیاوی ئینسانی بۆ هەموو خەلکی کوردستان دابین بکات، لەم راگەیاندنەدا هەلویستی خۆی لەسەر ئەم رەشنوسە رادەگەیەنێ و کۆمەلانی خەلك لە ناوەرۆکەکەی ئاگاداردەکاتەوە.

ئەم دەستورە بەرئەنجامی خەباتی خەلکی کوردستان و بەدەخالەتی نوینەرانی ئەوان نەنوسراوە،بەلکو بەرهەمی بارودۆخەکانی دوای شەر و داگیرکاری ئەمریکا وسازدانەوەی دەولەت و سەپاندنی دەستوری عیراقە بەسەر خەلکی عیراق و کوردستاندا. لەئاستیکی دیاریکراودا رەشنوسی دەستوری پیشنیارکراوی هەریم هەمان دەستوری کۆنەپەرستانەی عیراق چاودیرە بەسەریدا هاوکات نمونەی وەرگیردراوی ئەوە ، کە خەلکی کوردستان بەزۆرینە دەنگیان پێ‌نەدا و رەتیان کردەوە. دەستوریك کەلەسەر بنەمای قەومی وتایفی پیناسەرکراوە وبەم هۆیەشەوە خەلکی عیراق بە کوردستانیشەوە دەخاتە ژیر سایەی نیزام و دەسەلاتیکی کۆنەپەرستانەوە کە ئیستبداد و سەرکوتگەری و ژیرپینانی ئیرادەی خەلك و ماف و ئازادیە سیاسی وکۆمەلایەتیەکان یەکیك لە خاسیەتە جیانەکراوەکانیتی.

دەستوری پیشنیارکراوی ئیستا بۆ هەریمی کوردستان ئەلقەیەکی تەواوکاری جیگیرکردنی دەسەلاتیکی قەومی وئیسلامی‌یە لە عیراقدا و لە قالباندنی ژیانی ئیستا وداهاتوی کوردستانیشە بەپێی فیدرالیزمیکی قەومی کە تیایدا قازانج وبەرژەوەندیەکانی یەکیتی وپارتی ،وەك دوو حزبی دەسەلاتدار، لەسەر حسابی بەرژەوەندی خەلکی کوردستان جیگیردەکات. بەم هۆیەشەوە ئەم دەستورە ماف وئازادی خەلکی کوردستان بۆ جیابونەوە و پیکهینانی دەولەتی سەربەخۆ دەخاتە ژیر پیوە و پرۆسەی ئیلحاقکردنەوەی کوردستان بەدەولەتی مەرکەزیەوە بەبێ رالەسەر بونی خەلکی کوردستان بەناوی فیدرالیزمەوە جیگیردەکا و بەشیوەیەکی قانونی ودەستوری دەیخاتە ژیر سایەی حوکم ودەسەلاتی فاشیزمی عەرەبی وئیسلامی‌یەوە. ئەنجامیکی ئاواش بەکردەوە گیرانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و تاوانەکانیتی بۆ سەر خەلکی کوردستان.

دەستوری پیشنیارکراوی ئیستا بۆ هەریمی کوردستان بەهەمان شیوەی دەستوری عیراق لەسەر بناغەی هەویەی قەومی و ئاینی پیناسەی ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان دەکا،و بەیەکجاری مافی هاولاتیانی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان دەسریتەوە و هەولاواردنی ئاشکرا لەنیوان کورد وئاشور و تورکمان وعەرەب و هەموو ئەوانەی بەزمانی غەیرە کورد قسەدەکەن پیك دەهینی و هەروەها رقەبەری ئاینی لەنیوان ئاینی ئیسلام وئەوانی تردا دەخولقینێ . بەم هۆیەشەوە ژیانی ئیستا و داهاتوی کوردستان لەسەر بورکانی شەر و دەعوای قەومی وئاینی رادەگرێ.

ئەم دەستورە ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان بەقازانجی سیستەمی ئابوری بازار و بەرژەوەندی یەکلایەنەی سەرمایەداران و کاربەدەستانی دەولەت ریك دەخا و راستەوخۆ ژیانی زۆرینەی کۆمەلانی خەلکی کریکار و هەژاری کوردستان لە بیمە کۆمەلایەتیەکان و هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەبێ دەولەت وەك لانی کەمی ژیان بیگرنە ئەستۆ بیبەش دەکات.

ئەم دەستورە پیشنیاری‌یە لەو شوینانەی برگە و مادەکانی ئاماژەن بۆ مەسەلەی ماف وئازادیە فەردی و مەدەنیەکان و یەکسانی هاولاتیان..بە تەواوی لەفزی و بیناوەرۆك و تەمومژاویە. وە هەموو ئەم مافانە هەوالەی "ئەگەری یاسا" دەکا کە دارشتنەوەی راستەوخۆ لە ئیختیاری ئەحزابی دەسەلاتدارادیە. هاوکات مادامەکی ئەم دەستورە،دەولەت ونیزامیکی سیاسی پیناسەکراو لەسەر بناغەی هەویەتی قەومی وئیسلامی بۆ ریکخستنی پەیوەندیەکانی تاك وئازادیەکانیان پیشنیاردەکات هینانی هەرجۆرە مادە وبرگەیەك لەبارەی ئازادی ویەکسانی هاولاتیانەوە هەولیکی فریودەرانەیە و راستەوخۆ بەهرەمەندببونی جەماوەری خەلك لە ئازادیەکانیان بیبەش دەکات.

رەشنوسی دەستوری هەریم بەهەمان شیوەی دەستوری عیراق دەخالەتی دین لە دەولەت وبوارەکانی پەروەردە وفیرکردن رادەگری و ئیسلام و شەریعەتی ئیسلامی کردۆتە سەرچاوەی یاسادانان و بریاردان لەسەر ماف وئازادیە فەردی ومەدەنیەکان وبەتایبەتیش ئازادی ویەکسانی لەنیوەی کۆمەلگا کە ژنانن دەسینیتەوە وئەسیر و کۆیلەی قانونی ئیسلامیان دەکات.

لەسەر بناغەی ئەم خالانەی سەرەوە ئیمە ئەم دەستورە لە گشتییەتی خۆیدا ئەگەر بەم شیوەیەی ئیستای بمینیتەوە،رەت دەکەینەوە وتەواو بەپیچەوانەی چاوەروانی وبەرژەوەندیەکانی خەلکی کوردستان ونیزامیکی سیاسی ئازاد و خۆشگوزەران کە شایستەی ژیانی ئیستا و داهاتوی ئەوان بیت دەیناسینین. خەلکی کوردستان خوازیاری جیابونەوەی دەستبەجێ کوردستان و دامەزراندنی دەولەتیکی سەربەخۆی عەلمانی ، نەقەومی وئاینین. دەولەتیك کەلەسەروو ئیرادەی دەخاەلتی راستەوخۆی خەلك وسەلماندنی مافی هاولاتی بوونی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوانی کوردستان دامەزرابێ وئەوپەری ماف وئازادیەکان لە نیزامیکی پیشکەوتوی کۆمەلایەتیدا جیگیر کردبیت . هەر دەستور و نیزامیك کە دەکەویتە بەرامبەر ئەم ئامانجانەوە،ناتوانی جیگای رەزامەندی ئیمە و کۆمەلانی خەلك بێ و دەبێ بەتەواوی تواناوە رەتبکریتەوە.

دەبی خەلکی کوردستان و ریکخراوەکانی لاوان و ژنان و هەموو ئەو کەسانەی دلیان بۆ ئازادی وسەربەخۆیی لیدەدات،بەتەواوی تواناوە بۆ رەتکردنەوەی دەستوری لەم چەشنە بینە مەیدانەوە و لە کیشمەکیشیکی سیاسیدا تیبکۆشن تا ئایندە و نیزامی دلخوازی خۆیان لە دەستوریکدا بریار بدە. حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەریزی پیشەوەی ئەم خەباتەدا بەتەواوی تواناوە راوەستاوە.

**حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**ریکخراوی کوردستان**

2006\ 10\14

# گۆشەی بۆ "نا".. بۆ دەستور؟

بۆچی ئێمە "نا" دەڵێین بەم دەستورە پێشنیارکراوە بۆ کوردستان؟

## خەسرەو سایە وەلامی پرسیارەکانی ئەم ژمارەیە دەداتەوە:



*** ئەم دەستورە بۆچی ڕەت دەکەنەوە لەکاتیکدا زۆریەك لەبەندەکانی ئاماژەن بۆ ئازادی و مافەکانی خەلك ؟**

خەسرەو سایە: چونکە ئەم دەستوورەی کەبۆ کوردستان پیشنیارکراوە، پیچەوانەیە لەگەل ئازادی وسەربەخۆیی و ژیانیکی خۆشگوزەران وباقی بەرژەوەندی‌یەکانی تری خەلکی کوردستان، ئەمەش بەچەند دەلیل، لەوانە، یەکەم: ئەم دەستوورە نەك هەرمافی جیابوونەوە وپیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی بۆ خەلکی کوردستان خستۆتەلاوە، بەلکو ریگای ئیلحاقکردنەوەی کوردستان و گیرانەوەی خەلکەکەی بۆژیرسایەی دەسەلاتی قەومی عەرەبی– ئیسلامی لەعیراقدا، گرتۆتەبەر و گەرەکیەتی ئەمەش بەناوی فیرالیزمەوە، رەسمیەت وقانونی بکاتەوە. دووەم: چونکە ئەم دەستوورە، نیزامیکی سیاسی پیشنیار دەکات کەلەبنەرەتەوە مافی هاولاتیانی یەکسان بۆهەموو دانیشتوانی کوردستان، بەرەسمی ناناسینی ولەسەربنەمای جیاوازی قەومی و رەگەزی و ئاینی جیگا وریگای فەردەکان دیاری دەکاو بەهۆی جیاوازی زمانیانەوە دەیانخاتە بەرامبەر بەیەکەوە. سیهەم: چونکە ئەم دەستوورە ئیسلامی کردۆتە سەرچاوەیەکی یاسادانان وبەمجۆرەش شەریعەت ویاسای ئیسلامی دەکاتە پیوانەیەك بۆ دیاریکردنی ماف وئازادی‌یەکانی خەلك و هەروەها چاودیری دەکات بەسەر دەزگا کۆمەلایەتییەکان ودادگاو سزا و پەروەردەو فیرکردنەوە و بەتایبەتیش ژنان کەنیوەی کۆمەلگان دەکاتە کۆیلەی ژیردەستی شەریعەت و پیاوانی ئیسلامی. چوارمیش چونکە ئەم دەستوورە پیشنیاری رژیمی ئابووری بازار، لەسەر حسابی خۆدزینەوەی دەسەلاتداران لە بیمەکۆمەلایەتیی‌ەکان دەکاو ژیان وچارەنوسی خەلکی هەژار و نەبووی کوردستان دەسپیری بەکاسەلیسان ودەلالانی بیرەحمی نیو بازار و مونافەسەو بەریوەبەرانی گەندەل..لەیەك ووتەدا ئەم دەستوورە بۆیە رەتدەکەینەوە چونکە، نوسخەیەکی کۆپی کراوی هەمان دەستووری ناوەرۆك عروبی– ئیسلامی عیراقەو هەرئەویش بەرسەیدا چاودیرە. ئەمە دەستوریکە بۆریکخستنی بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کورد و ئەحزابەکانی کەئیستا دەسەلاتیان بەدەستەوەیە، بە سەرمایەو بازار و دەسەلاتی مەرکەزی عیراقەوە...ئابەم حوکمانەی سەرەوە ئەم دەستورە هەرچەندە هەولدرابیت بۆ رازاندنەوەی بەند ومادەکانی بەووشەی"ئازادی" وماف" و"هاولاتی" و"مەدەنی".. بەلام دیسانەوە ناتوانی لەبەرژەوەندی‌یەکانی خەلکی کوردستان نزیك ببیتەوە، هەربۆیە ئیمەش رەتی دەکەینەوە.

*** بۆچی ئەم دەستورە ڕەت دەکەنەوە لەکاتیکدا دەیەوێت کیانیکی سیاسی و ئابوری لە کوردستاندا دروست بکات؟**

خەسرەو سایە: هیچ کات دروستکردنی "کیانیکی سیاسی وئابووری" هۆکاریك نییە بۆ پەسەندکردنی دەستور، چونکە کیانی سیاسی و ئابووری دەتوانی زیندان و جەهەنەمیك بیت بۆخەلکەکەی. تەنانەت ئەگەر ئەم دەستوورە بەوهۆیەوە قەبول بکەین کە "کیانیك" دروست دەکات، دیسانەوە دەستووریکی خراپ و نابەجێیە چونکە "کیانیك" دروست دەکات، کەراستەوخۆ لەژیر دەسەلات و کارکردی دەولەتی مەرکەزی عیراقدایە، ئەویش بەپیوانەی هەویەت و و دەستوریکی عروبی– ئیسلامی دەچیت بەریوە.

لەمانەش زیاتر بابپرسین ئایا کیاینکی سیاسی کەبریاربیت ئەم دەستورە پیکی بیهینی لەکوردستاندا، لەوە زیاتر دەبیت و دەکات بۆخەلکی کوردستان کە 15 سالە لەئارادایە؟ ئایا دەستوریك کەبریارە کیانیکی سیاسی وئابووری پیکبهینی لەکوردستاندا هیچ لەمیحنەت و نەبوونی ودلەراوکی‌یەك کەمدەکاتەوە کەلەئارادایە؟ ئایا بەرپرسیارانی ئیستا و دەسەلاتی گەندەلیان وازدینن و پلەوپایەی خۆیان بۆخەلکی شەرافەتمەند و بەتوانا بەجی دیلن؟ لەیەك ووتەدا ئەم دەستوورە ئەگەر کیانی سیاسی وئابووریش پیکبیهنی، ئەتوانی چ ئالۆریك بەسەر ئاستی ژیانی ئیستا و ماف و ئازادی‌یەکانیاندا بهینی؟.. بەبروای من نەئەم دەستورە و نە"کیانیك" کەبریارە پیکی بهینی، ناتوانی خەلکی کوردستان لەوزعی ئیستا تیپەرینی وبەرەو داهاتوویەکی باشتر بیان بات.. بۆیە جگەلە رەتکردنەوە شایەنی شتیکی تر نییە.

## گفتوگۆی ئاسۆ کمال لەگەڵ ڕادیۆی هاوپشتی لە سوید ،سەبارەت بەدەستووری پیشنیارکراو بۆکوردستان

رۆژی 18ی نۆڤەمبەری 2006 رادیۆی هاوپشتی لەسوید گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ ئاسۆکمال سەرنوسەری بلاوکراوەی"نـــا " سازکرد سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری حکومەتی هەریمی کوردستان. رادیۆی هاوپشتی پرسیارەکانی لەسەر چوارچیوە و ناوەرۆکی دەستور و پرۆسەکەی کرد و لەوەڵامدا ئاسۆ کمال تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە دەستور ویاسا باشترە لەو حوکمە میلیشیایەی ئێستا هەیە بەڵام مەبەستی یەکیتی وپارتی لەم دەستورە کۆتکردنی ئازادیەکانی خەڵك و ڕەسمیەتدان بەو دەسەڵاتە فیدرالیەی دیفاکتۆیەیە کە هەیانە تاکو بەشە داهات و دەسەلاتی خۆیان لەگەڵ مەرکەزدا جیگیر بکەن. وە هاوکات رونی کردوە کە ئەم دەستورە لەناوەرۆکدا سەپاندنی دەستورێکی ئیسلامی و کۆتکردنی ئازادیەکان و پاشکۆکردنی کوردستانە بە عێراقەوە و وەڵامی هیچ کێشەو خواستیکی خەلکی کوردستانی نەداوەتەوە و ڕەسمیەت بەو سیستەمە سیاسی‌یە میلیشیایی‌یە دەدات کە 15 ساڵە لە کوردستاندا خۆی سەپاندوە سەرەرای نارەزایەتی بەردەوامی خەلك بە گەندەلی و سەرکوتی ئەم دەسەڵاتە. هەروەها ئەوەی تەئکید کردەوە کە پیویستە لەلایەن هەموو ئازادیخوازان و خەلك و لایەنی عەلمانی و مۆدیرن و نارازیەوە دەنگی "نا" بەرامبەری بەرزکرێتەوە . لەکۆتاییدا ئاماژەی بە گرنگی بلاوکراوەی هەفتانەی "نا" دا وداوای بەشداری و هاوکاری هەمولایەکی لەم تریبونە ئازادەدا کرد.

### دریژەی.. سەرووتار

بەم دەستورەیە کە دین وشەریعەتی کۆتەپەرستی ئیسلامی کردۆتە یەکێك لەسەرچاوەکانی یاسا و دەسەلات.

ئەم بلاوکراوەیە دەنگی داوای سەربەخۆیی زیاتر لە 98٪ ی خەلکی کوردستانە بەرامبەر بەو دەستورەی فیدرالیزمی یەکیتی وپارتی وەك شمشیری دیموکلیس لەسەر ئەو دەنگی سەربەخۆیی‌یە لەدەستوردا داناوە و کوردستانی کردوە بە پاشکۆی دەستوری کۆنەپەرستانەی عێراق و لەچوارچیوەی سەروەری ویەکپارچەیی عیراقدا کۆتی کردوە.

دەنگی نارازی زۆربەی خەلکی کوردستان،کە کریکاران ،قەرمانبەران، کاسبکاران، مامۆستایان و چین و توێژە زەحمەتکێش و هەژارەکانە کە ئەم دەستورە مافەکانیانی پشت گوێخستوە ، وەك مافی زەمانی بیکاری،دیاریکردنی کرێ بەپێی گرانی، دابینکردنی خانوو ، زەمانی تەندروستی و ریفاهی و کۆمەلایەتی ، مافی منالان وهتد..بەپیچەوانەشەوە لەسەر بنچینەی پاراستن و گەشەپیدانی دەسەلات و بارزار و مافی چینی دەسەلاتدار و سەرمایەدارانی کوردستان ئەم دەستورە دانراوە. ئەم دەستورە بۆ یاسایی کردنەوەی دەسەلاتی میلیشیایی یەکیتی وپارتی‌یە و سیستەمی سیاسی دەستور لەسەر بنەمای فراوانکردنەوەی دەسەلاتی تاکەکەسی سەرۆکی هەرێم و پاشکۆکردنی دەسەلاتی تەنفیزی و پەرلەمان و دەسەلاتی قەزایی بۆی دانراوە.

بەگشتی ئەم دەستورەی یەکیتی وپارتی ڕەسمیەتدان بەو بێمافیانەیە کەلەسایەی 15ساڵی رابردووی دەسەلاتیاتدا بەکردەوە بەریوەیان بردوە و هیچ گوزارشتیك لە خواست و مافەکانی خەلکی کوردستان و کۆمەلگای مەدەنی کوردستان ناکات. هەربۆیە ئەم دەستورە جیگای "نا" ووتنە پێی و هەرکەس ولایەنێکی نارازی بەم دەستورە بانگەواز دەکەین کە لەم بلاوکراوەی "نا"یەدا بەشداری بکات .

ئێمە ئامانجمان لەم بلاوکراوەیە فشاری هەرچی زۆرتری بەرەی ئازادیخوازانە و سکۆلاری نارازی بەم دەستورەیە بۆسەر ئەحزایی ناسیونالیست ودەسەلاتەکەیان لەکوردستان تا ئاستی ئەوەی ریگەنەدەین دەستوریکی کۆنەپەرستانەی پیچەوانە لەگەل ئازادی وسەربەخۆیی وخۆشگوزەرانی خەلکی کوردستان داسەپی . بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی "نا" لە کوردستاندا و لەدەرەوە پیویستمان بەهاوکاری هەموو ئازادیخوازان ، یەکسانی خوازان ، عەلمانیەکان و لایەنگرانی مافی مرۆڤ و رۆژنانەنوسان ، نوسەران ، رۆشنبیران ، کاریکاتیریستەکان، سایتەکوردیەکان و هەموو ئەوانەیە کە **خوازیاری دەستوریکی عەلمانی و ئازادیخوازانەن و خوازیارانی سەربەخۆیی کوردستانن.** ئێمە لە ریگای ئەم بلاوکراوەیەوە **دەنگی نا بۆ دەستوری ئیسلامی و کۆتکردنی ئازادی و پاشکۆکردنی کوردستان** بەرزدەکەینەوە.

**بلاوکراوەی " نـــــا "**
**هەفتانە هەموو رۆژانی شەممە بلاودەبیتەوە**

# ئایەتەکانی کە عەلی باپیر ئاماژەیان پێدەکات
# شاهیدی حوکمی مەرگن بەسەر دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیدا!

سامان کەریم zaryak@yahoo.com



لە ژمارە 44ی هەفتەنامەی ئاوێنەدا وتارێکی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەناوی " نەگونجانی لە یەکدابڕانی شەریعەتو سیاسەت" لە لاپەرە 18دا بلاوبۆتەوە. سەرەتا پێویستە بە ڕۆشنی جەخت لەسەر ئەوەبکەم کە شەریعەت وە وە ئاینی ئیسلام هەرگیز لە سیاسەت جیانەبووەو سیاسیبوە. لەمبارەوە عەلی باپیر بەدروست دەڵێ " نەگونجانی لەیەکدابڕانی شەریعەتو سیاسەت"و لەراستیدا شەریعەت قانونەکانی ئیسلامی سیاسیە بۆ حوکمرانیو بەم مانایە سیاسیە. دین بەهیچ شێوەو جۆرێك ناتوانرێت جیابکرێتەوە لەساسیەت. ئاینی ئیسلام لە ساتەوەختی دروست بونیەوە لە پەیامە "محمد"یەکەیدا، بزوتنەوەیەکی سیاسی بوە کە ئامانجی پیکهێنانی دەوڵەتو ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی بوە. لەراستیدا ئەو ئامانجەی محمد بەدوایەوە بوو زۆر پێشتر لە پرۆسێسێکی درێژخایەندا لەسەر دەستی باپیرە گەورەی "قصی بنی کلاب" دەستی پێکردبوو، پاشان لەسەردەستی نەوەکانی "هاشم عبدالمناف"و دواتر لە سەردەستی "عبدالمگلب" باوکی محمد دا زەمینەکانی بە تەواوی بۆخۆشکرابونو لەکۆتاییدا "محمد" ئامانجەکەی لەدامەزراندنی دەوڵەت دا پێکا.

بەکورتی بزوتنەوەی ئاینی ئیسلام لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەسەر دەستی دامەزرێنەرەکەیدا بزوتنەوەیەکی خوازیاری دەسەلاتو پێکهێنانی دەوڵەت بوە وەك بزوتنەوەیەکی چینایەتی خاوەن موڵكو بارزرگانەکانی مەکەو دەوروبەری. گشت باسەکە ئەوەیە ئەم دەوڵەتو حوکمڕانیە دەتوانێت وەلامی خواستەکانی خەڵك بداتەوە؟ ئەم دەسەلاتو دەوڵەتە ئیسلامیەی کە عەلی باپیر باسی دەکاتو ئایەتی بۆ دەهێنێتەوە دەتوانێت گونجاو بێت لەگەڵ ژیانی هاوچەرخی ئینساندا؟ دەوڵەتی ئیسلامیەك کە عەلی باپیر داوای دەکاتو پیێی دەڵێ "حوکمی عەدالەت"و بەپیێی ئایەتەکانی کەخۆی باسی کردوە، ڕاستیەکەی قەسابخانەیە نەك دەولەتو حوکمڕانیەك کە بەپیێی لایەنی هەرەکەمی پێوانەی ئینسانیو ویستو هیواو وئارەزوەکانی ئینسان مامەڵەبکاتو تەنانەت بتوانێت هەڵ بکات لەگەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەمڕۆدا.

نمونەکانی حوکمڕانی سافو پوختی ئیسلام لە کاتی "محمد"وەو تاکو هەر چوارخەلیفەکەی دوای خۆیو فتواحاتی یەکەمی ئیسلامو ئێستاش بە سەرنجدان لە حوکمڕانیو دەوڵەتی هەردوو ڕەوتە ئیسلامییە شیعیو سونییەکە ، حوکمی تاڵیبانو حوکمی جمهوری ئیسلامی ئێران... دەبینین کە حوکمرانیو دەوڵەتی ئیسلامی نەك تەنها ناکۆکە لەگەڵ هیواو ئارەزوو خواستە ئینسانیەکانی دنیای واقعدا، بەڵکو بەتوندی دژی ئەصلی سروشتی ئینسانو گشت خواستو ویستەکانیەتی. سەرنج بدەن لە ئێران کچ بەتەمەنی □ ساڵ بەشوو دەدریتو ئەمەیان ناو ناوە "یاسا" دەسەلاتی ئیسلام لە ئێران بەلێشاو ژنان ڕەوانەی لەشفرۆشی دەکاتو ئاخوندەکان لەبەردەرگا ئیمزایان بۆدەکەن بەمەبلەغێك پارەو ئەمەیان ناوناوە "سیغە"، نەك هەرئەوەندە بەڵکو دەخاڵەتکردن لە جۆری بڕینی پرچو قژی لاواندا لە گوێگرتنی جۆری مۆسیقادا، لە پۆشینی جلو بەرگدا بۆ هەموو ئەمانە ڕیگریو قەدەغەکردن بە لێشاون... سەرنج بدەن دنیای ئەمڕۆو مۆدێلاتەکانیو بازارەکانی تەکنۆلۆجیای جلو بەرگو تەنانەت جۆری جوانکردنی قژو مۆدیلەکانی، کەچی لەولاشەوە دەسەلاتێکی ئیسلامی بلێت "ئەی مەعشەری ئیسلام: ئێوە دەبێت ئاوا قژتان ببڕن ئاوا ڕیشتان بتاشنو ئاوا جلو بەرگ لەبەربکەن"!!!، دنیای ئەمڕۆ سەدان جۆری جیاوازی ڕەوتی فکریو سیاسی دەگرێتە خۆو کەچی عەلی باپیر دەڵێت "بێجگە لەخوا هیچکەس مافی ئەوەی نییە حوکمو بەرنامە دانانی بەدەست بیێ.." ئەمە ئیتر پێویستی بە لێکدانەوەو تەفسیر نیە، ئەوەندە نەبێت بلێین بەسەرچوە. بە شێوەی راستو دروست" قورئان" پیمان دەلێت دەستو قاچ ببڕنەوە بکوژنو قامچی لێبدەنو ئەنفال بکەنو ژنانی ئەسیریان بکەنە کۆیلەو کەنیزەکی خۆتانو بەئارەزووی خۆتان ئیغتصابیان بکەن.. ئەم قەسابخانەو دار التعزیبانە لەئەو ئایەتانەدا هاتون کە عەلی باپیر لە "ئاوینەدا" ئاماژەی پیکردونو دیارە هەولی داوە تا بکرێت ئەو ئایەتانە بهێنێتەوە کە کەمتر خوێنیان لێدەچۆرێت. بزوتنەوەی ئیسلامو دەقەکەی نەك ناگونجێت لەگەڵ ویستو خواستی خەڵکداو لەگەڵ ئارەزووی چەند ملیاری کۆمەلگای بەشەری ئەمڕۆدا، بەڵکو ئەمڕۆ بۆتە دیۆزمەی ترسو تەقینەو تیرۆر لەسەرتاسەری دنیادا.

تیرۆر وەلامی ئەمڕۆی بزوتنەوەی ئیسلامی سیاسیە بەدنیای هاوچەرخو بەتەکنۆلۆجیاو خواستو ویستەکانی خەڵك، بەلام تەنها رێگای خەباتیانە، هۆکارو ڕیگای سەرەکی گەیشتن بەدەسەلات بۆ ئیسلامی سیاسی تیرۆرەو ڕیگای دیکە نیە. بەلاْم "تیرۆر" هەر خۆتەقاندنەوە" بۆمبی بەشەری" نیە، هەر تەقاندنەوەی ئۆتۆمۆبیل نیە... بەڵکو کوشتنی هەر ئینسانێکی مەدەنی تیرۆرە، زاڵکردنی فەزای ترسو تۆقاندن تیرۆرکردنی فەزای کۆمەلایەتیە، سەرکوتی ئازاد سیاسیو ئازادی ڕادەربڕین تیرۆرکردنی بیرو ئازادییە...سەرنجێکی کورت لە هەڵەبجەو لە هەورامان لەکاتی حوکمڕأنی عەلی باپیرو هاوڕیکانیدا بەسە بۆ ئەوەی بزانین، کە خەڵك چ زەلالەتێکی بوو بەدەست دەسەلاتو حوکمڕأنی ئیسلامەوەو چۆن بزوتنەوەی ئیسلامی"بەمانای فراوانی ئەم بزوتنەوەیە" ڕیگرە لەبەردەم گشت ویستو هەستو سۆزێکی ئینسانیدا.

ئەوەی عەلی باپیر بە ڕۆشنی داوای دەکاتو هەولی بۆدەداتو بەڕۆشنی لە وتارەکەیدا دیارە باسی مانشێتی وتارەکەی نیە" نەگونجانی لە یەکدابڕانی شەریعەتو سیاسەت" بەڵکو ڕاستەوخۆ باسی دەسەلاتی سیاسیە لە کوردستان. باسی دابڕانی سیاسەتو شەریعەت یان دینو سیاسەت، باسێکە هەم بەبڕوای من ناواقعییە، هەم جێگای لێکدانەوەو تەفسیری جۆاوجۆرەو تەنانەت ئەم خواستە زۆر زیاتر لەبزوتنەوە ئیسلامیەکان تێدەپەریتو گشت بزوتنەوی ناسیونالیزمی عەرەبو تەنانەت کورد دەگریتەوەوە لە ناوچەکەدا... بەو دەرەجەی کە ئەم باسە ناواقعییە چونکە لەبناغەوە ئاینی ئیسلامو شەریعەتەکەی سیاسیە، بەهەمان دەرەجە خواستی

⇐

# ئەم ژمارانە لە دەستور بناسە!
# ماددەی 72 ، 74 کوشندەیە

لەهەفتەنامەی ئاوینەوە

## ”دەستوری بەعس ئەهوەنتر بوو لەم دەستورە”

**دادوەر لەتیف شێخ مستەفا وەڵامی ئەم بەندە دەداتەوە:**

**مادەکانی72 و 74 لە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمی کوردستان دەڵێن: "پابەندبوون بە شکۆمەندیە نمونەیەکانی خەباتی گەلی کوردستان" و"ریزگرتن و بەرزراگرتنی سیمبولەکانی بزاڤی ئازادی خوازی کوردی وشۆڕش و شەهیدەکانی وپاراستنی شکۆمەندی کەس و کاریان و پیشمەرگە دیرینەکان و خەباتگیران و بەشداربوان تیایدا ئەرکێکی پیرۆزە لەسەر حکومەت و هاولاْتیانی کوردستان."**

پاراستنی بەها نەبیلەکانی خەباتی گەلی کوردستان،ئەم عیبارەتە هەر زۆر ترسناکە لەگەڵ مادەی 74 کە دەڵێت واجبە لەسەر هاوڵاتیانی کوردستان ڕێز لە سیمبول و سەرکردەکانی بزوتنەوەی رزگاری کورد و شورشەکانی و شەهیدەکانی بگرن،کەرامەتی کەسوکار و پیشمەرگەی کۆن و خەباتگێرەکان بپاریزن،یان لە مادەی 67 برگەی حەوتەم کە دەلیت ئەو کۆمەڵانە قەدەغە دەکرین کە ئامانجەکان و کردەوەکانیان لەگەل بنەمای یاسا سزاییەکان دژە یان هەلویستی دژیان هەیە لەگەڵ سیستمی سیاسی هەرێم...

بەراستی ئەم مادانە کت ومت دوبارە کردنەوەی ئەو دەقانەن کە سیستمە شمولیەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵات و سیستمە دیکتاتۆریەکانی رۆژهەڵات پیادەیان دەکرد، وەیا ووردتر بلێین ئەم دەقانە هیچ جیاوازیەکی وایان نیيە لەگەڵ هەندێ لە دەقەکانی دەستوری عیراقی یان یاساکانی هەلبژاردنیان کە دەیانوت پیویستە ئەوانەی کە دەیانەوێ دەنگ بدەن یان خۆیان هەلبژیرن باوەڕییان بە ئامانجەکانی شۆڕشی 17-30 تەمووزی پیرۆز و قادسیەی سەدام و ئمولمەعاریك هەبێ و باوەڕیان وابێ کە قادسیەی سەدام و ئمولمەعاریك شان و شکۆ و هەیبەتی عیراقیان بەرزکردۆتەوە،لەوانەیە بلێم دەقە عیراقییەکەی بەعس ئەهوەن تر بوو، چونکە ئەو دەیوت ئەوانەی کە خۆیا هەڵدەبژێرن یان دەنگ دەدەن،کەچی پرۆژەی هەرێم دەڵێ پیویستە هەموو هاولاْتیان ئەو باوەڕەیان هەبێ،واتە ئەگەر باوەڕی بە خەباتی چەکداری نەبێ ، یان ریزی ئەو رەمزانە نەگرن ئەوە دەکرێ دەربکرێن لە کوردستان یان سزا بدرێن یان وەك هاولاْتی پلەدوو سەیر بکرێن.

چونکە دەقەکان یان دەقی دەستوری خەسلەتی ئامپرتیڤ یان ملزەمیان هەیە،ئەگەر سەرپێچی کران پیویستە سزای بەدواوە بێ،کەواتە بە گوێرەی ئەو دەقانە ئەگەر هاولاْتیان یەکیك لەو دەقانەیان پیشیل کرد ،پابەند نەبوون بەبەها نەبیلەکانی کوردستان یان ڕێزی سەرکردە ورەمزەکانیان نەگرت،ئەوا دەبێ یەکیك لەو سزایانەیان بەسەردا بسەپێ،چونکە ئەگەر وانەبێ ، کەواتە ئەم دەقانە هەر بۆجوانین و بۆ پیادەکردن نین، بەلاْم لەراستیدا دەشێ دەقەکانی تری دەستور پیادە نەکرێن،بەتایبەت ئەوانەی کۆت بۆ دەسەلات دادەنێن یان ماف و ئازادیەکان دەپارێزن ، بەلاْم ئەگەر هەموو دەستورەکە پیادە نەکرێت ئەوا دەسەلاْت ئەم دەقانەی کە ئیلتزامات لەسەر هاولاْتیان دەسەپێنێ،پیادەدەکات بۆ نەهێشتنی ئازادیەکان بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە ئەم فەسڵە بەکامیلی ئیلغابکرێتەوە.

## دریژەی .... ئایەتەکانی کە عەلی باپیر

جیاکردنەوەی دین لەسیاسەت هەرگیز خواستێکی هەمەگیری جەماوەریی نەبوە بەڵکوو زیاتر مشتو مڕو لێکدانەوەو دایلۆگی نێوان کۆمەلیك رۆشبیری دنیای عەرەبو ئێستاش لە کوردستان هەن، کە کاریان تەنها لیکدانەوەیە لە ڕوانگەو خەڵوەتی خۆیانەوە، لە لایەکی دیکەشەوە خواستی جیایی دین لە سیاسەت مانایەکی سەرکوتکەرانە دەگرێتە خۆ، بە هوشیارییەوە بێت یان بێهوشیاری، چونکە ڕیگا دەگریت لە لایەنێکی ئیسلامی کە حزبایەتی بکاتو حزب دروست بکات. من باوەرم بەوەیە، کە ئازادی ئەوەندە بەرفراوان بێت، کە بوار بدات بەهەموو لایەنێك لەوانە حزبو بزوتنەوە ئیسلامیەکان کە کاری سیاسی خۆیان تا ئەوپەری توانای خۆیان پەرە پێبدەن، بەلام حەتمەن کۆمەڵگا پێویستی بەوەهەیە لەرێگای دەستورو یاساوە کە ئەنتی بایۆتیکی تیرۆر وەربگرێتو پاریزراو ڕاییگرێت دژ بە تیرۆرو کاری تیرۆریستی.

عەلی باپیر لەئەمرۆدا ڕاشکاوانە داوای حوکمی ئیسلامی دەکات لەکوردستان کە کۆمەلیك ئالۆگۆر بەڕیوەن. ئێستای هەلومەرجی سیاسی کوردستان، ڕوی لە کۆمەلێك ئالۆگۆڕی گرینگەو من بەشی حالی خۆم لەچەندین نوسراوو وتاری دیکەدا ئاماژەم بەخاڵێ سەرەکی ئەم ئالۆگۆڕانە داوەو لیرەدا جەخت دەکەمەوە سەری. ئەویش ئەوەیە ئەحزابی دەسەلاتداری کورد لەنێو گەمەی ئەمەریکیدا پەل دەکوتێتو یاری تێدا دەکات، بەلاّم سیاسەتی ئەمەریکی شکستی خواردو چوو، لەلایەکی دیکەشەوە دوای دوڕاندنی بۆشو حزبەکەی کە لەراستیدا شکستی گشت ئیستراتیژی ئەمەریکاو سیاسەتەکانی بوو لەدوای ساڵێ 1990وە، عێراقو هەروەها کوردستان ڕوی لە ئالوگۆرێکی گرینگو پڕ گێشمەکێشو خوێناوی ترە، لەم نێوەدا ئێران گرەوی خۆی تا ئێستا لەئەمەریکا بردۆتەوەو حکومەتی ئێران لەبەغدا بەئارەزوی خۆی تیرۆری تائیفی دەکات، بەریوەبەری فرقەکانی کوشتنەو بەکورتی تیرۆری رەسمیو دەولّەتی دەکات...

بەلاّم لە هەمانکاتداو لەهەلومەرجی سیاسی تایبەتی کوردستانیشدا ئەمڕۆ، مشتومڕو گفتوگۆو کێبەرکێیەکی گرینگ هەیە لەسەر مەسەلەی دەستورو نوسینەوەی دەستور بۆکوردستانو عەلی باپیر دەیەوێت تا بتوانێت مۆری خۆیو ئایاتەکانی لەم دەستورە بدات. ئەو هێشتا ئیسلامی بونی ڕەشنوسەکەی پێبکەمەو دورنیە ڕەشنوسی "دەستوری پەرەلەمان" بە دەستوریکی عەلمانی لەقەلەم بدات!! بۆیە هەولّ دەدات لە ڕیگای دەستورەوە بواریکی گەورەترو فراوانتر بۆخۆیو بزوتنەوەکەی برەخسێنێت. بەلاّم لایەکی دیکەی ئەم مەسەلەیە ناسیونالیزمی کوردو دەسەلاتەکەیەتی مە ئاوێزانە لەگەلّ ئیسلامداو دەستورێك دەنوسێتو بلّاویدەکاتەوە، کە بوار دەدات بە عەلی باپیرو ئیسلامی سیاسی بەگشتی کە هێرشی خۆیان دەست پێبکەنو داوای دەستورێکی ئیسلامی عەیارە 24 بکەن، بۆ ئەوەی بەتەواوی گشت ویستو خواستو ئارەزوەکانی خەلّکی کوردستان، بەتایبەت لاوان زیندە بەچالّ بکەن، لە ژێر ناوی دەستورداو خواستی جیابونەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولّەتیکی سەربەخۆ لەکوردستاندا جاریکی دیکە سەرکوت بکەن لە ژێر ناوی "ئۆمەتی ئیسلام"دا.

لەهەلومەرجێکی ئاوادا عەلی باپیر داوای دەسەلاتگرتن دەکات لە کوردستانو بەرۆشنی دەلیت بەبێ دەسەلات قاچو دەست نابردرێتو قامچی ناوەشێنریت.. من دەلیم هەر لەبەر قاچو دەست بڕینو ئەو قەسابخانەیەی کە عەلی باپیر ئامادەی کردوە بۆ خەلّکی کوردستان، پێویستە دین تاسەر ئێستقان جیا بکریتەوە لە دەولّەتو حوکمڕأنیو لە پەروەردەو خوێندن. ئایەتەکانی عەلی باپیر شاهیدی حوکمی مەرگن بەسەر دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیدا. وەك چۆن مەسیحیەت بەحوکمی خەباتی خەلّكو بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی ئەوروپا، لابرا لەدەسەلاتو دەسەلاتی زەوی جێگای دەسەلاتی ئاسمانی گرتوە" نەك دینەکە لەخۆیەوە گۆرابێت". بەهەمان شێوە پێویستە خەلّکی کوردستان وە ناوچەکە بەگشتی لەخەباتێکی هەمەلایەنی جەماوەریدا دین جیابکەنەوە لە دەولّەتو حوکمرانیو پەروەردەو خویندن. بەتایبەت ئەمڕۆ خەلّکی کوردستان پێویستیان بەوەهەیە کە خەباتی خۆیان لەپیناو جیابکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولّەتێکی موتمەدنو سکولاردا بەرنە پێشەوە، ئەمە ڕیگایەکە کە دەتوانیتّ خەلّکی کوردستان دور ڕابگریت لە شەری تیرۆریستەکان شەڕی قەومیو هەروەها دەستی رابگات بە مافە سیاسیو مەدەنیەکانی خۆیو لەهەمانکاتدا بەدور ڕاییگرێت لەو قەسابخانەی کە عەلی باپیرو هاوبیرەکانی بۆی ئامادە کردون. خەباتێك کە هەر ئێستا ڕوی لەوەبێت کە ڕەشنوسی دەستوری کوردستان ڕەتبکاتەوەو ڕاستەوخۆ بێتە سەر خواستی ریفرانۆمێکی گشتیو ئازاد بۆ جیاکردنەوەی کوردستانو پێکهێنانی دەولّەتیکی سکولارو موتمەدن، دەولّەتیکی ناقەومی نا تائیفیو نا دینی.

بەدور لەهەلومەرجی سیاسی ئەمڕۆ من یەقینم هەیە لەسەر ئەوەی کە خەلّکی کوردستان نەك هەلّناکەن لەگەلّ دەسەلاّتی ئیسلامیدا، بەلّکو ڕیگا نادەن دەسەلات بگرێت. ئەوان حکومەتو دەسەلاتێکیان ناوێت کە قەسابخانەیەکی دانابێت، بۆ قاچ لێکردنەوەو دەست لێکردنەوەو قامچی وەشاندنو تەعزیب دانان... ئەمە حوکمی هێزێکە کەهیچ پەیامێکی ئینسانی پێنیەو ناتوانێت تەنانەت هیچ ریفۆرمێك بکات لە ژیانەی کۆمەلّگادا، بۆیە ناچارە تەنها لە ڕیگای "کوشتن بەکوشتن"و "دزی بەدەست لێکردنەوە"و ئازادی سێکس بەقامچیو کوشتن"و ڕەخنە لە دینو پیاوانی دینی بەکوشتنو تکفیر، شەر لەگەلّ دوژمنەکەیدا بە تیرۆرو تەقاندنەوە.... وەلام بداتەوە دەسەلاتی خۆی ڕابگرێت، ئەمە دەسەلاتی ترسو تۆقاندنەو زیاتر بۆ ئەفسانە دروستکردن باشە وەك لەوەی حوکمی خەلّکی پێبکەیت. گفتوگۆی ئاسۆ کمال لەگەلّ ڕادیۆی هاوپشتی لە سوید ڕۆژی 18ی نۆڤەمبەری 2006 رادیۆی هاوپشتی لەسوید گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەلّ ئاسۆکمال لە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سازکرد سەبارەت بە پرۆژەی دەستوری حکومەتی هەریمی کوردستان. رادیۆی هاوپشتی پرسیارەکانی لەسەر چوارچیوە و ناوەرۆکی دەستور و پرۆسەکەی کرد و لەوەلاّمدا ئاسۆ کمال تەئکیدی لەسەر ئەوە کرد کە دەستور ویاسا باشترە لەو حوکمە میلیشیایەی ئێستا هەیە بەلاّم مەبەستی یەکیتی وپارتی لەم دەستورە کۆتکردنی ئازادیەکانی خەلّك و ڕەسمیەتدان بەو دەسەلاّتە فیدرالیەی دیفاکتۆیەیە کە هەیانە تاکو بەشە داهات و دەسەلاتی خۆیان لەگەلّ مەرکەزدا جیگیر بکەن. وە هاوکات رونی کردوە کە ئەم دەستورە لەناوەرۆکدا سەپاندنی دەستورێکی ئیسلامی و کۆتکردنی ئازادیەکان و پاشکۆکردنی کوردستانە بە عێراقەوە و وەلاّمی هیچ کێشەو خواستیکی خەلکی کوردستانی نەداوەتەوە و ڕەسمیەت بەو سیستەمە سیاسیەیە میلیشیاییە دەدات کە 15 سالّە لە کوردستاندا خۆی سەپاندوە سەرەرای نارەزایەتی بەردەوامی خەلك بە گەندەلی و سەرکوتی ئەم دەسەلاّتە. هەروەها ئەوەی تەئکید کردەوە کە پیویستە لەلایەن هەموو ئازادیخوازان و خەلك و لایەنی عەلمانی و مۆدیرن و نارازییەوە دەنگی "نا" بەرامبەری بەرزکرێتەوە . لەکۆتاییدا ئاماژەی بە گرنگی بلاّوکراوەی هەفتانەی "نا" دا وداوای بەشداری و هاوکاری هەموولایەکی لەم تریبونە ئازادەدا کرد.

**دەستورێك کەمافی سەربەخۆیی و بەرپاکردنی ڕیفراندۆم لەخەلّکی کوردستان دەسێنێتەوە وچارەنوسیان دەخاتە ژێر سێبەری دەسەلاتی عروبی ئیسلامی عێراقەوە.. دەستورێك کەئیسلام دەکاتە سەرچاوەی دانانی یاساو چوارچێوەیەك بۆ دیاریکردنی مافە فەردی ومەدەنیەکان و ئازادییەکانی خەلّکی کوردستان.. دەستورێك کە بەچاوی مافی هاولاتی یەکسان سەیری هەموو دانیشتوانی کوردستان ناکات و جیاوازی ڕەگەز و زمان وئاین دێنێتەکایەوە... دەستورێك کەخزمەتگوزاری ستاندار و بیمە کۆمەلایەتییەکان بۆهەموو دانیشتوانی کوردستان بە پێوانەی سەرەدەم ناسەلمێنی و وەك ئەرکێکی دەسەلات جێگیری ناکات.. ناتوانی لەئاست خواست وئارەزووەکانی خەلّکی کوردستاندابێت، و بەتەواوی پێچەوانەیە بەبەرژەوەندییەکانی ئەوان..**